

## جوانترین وێنەی ساڵ؟

**بەکر ئەحمەد**

وێنە لە ڕۆژنامەگەری کوردیدا, ڕووبەرێکی بێگیانە. بۆشاییەکە کە تەنها گۆشەیەکی بێنووسینی پێپڕدەکرێتەوە. وێنە لە ڕۆژنامەگەری کوردیدا نەبۆتە تێکستێك کە خۆی بدوێت. بەڵکو لەو وردەبەردانە دەچێت کە ناوکاری پێپڕدەکرێتەوە. هەر بۆیەش لەگەڵ ئامادەبوونیدا بەسەر لاپەڕەی ڕۆژنامەکانەوە, نابینرێت, شتێك ناڵێت, یان کە دەشیەوێ شتێك بدرکێنێت, بە کۆمێنتێکی بێگیانی ژێر وێنەکە, هێندەی تر وێنەکە نادیاردەکرێت.

لە هاوڵاتی ژ 311ی 31 شوباتی 2006دا, وێنەیەك لە گۆشەیەکی نادیاری لاپەڕە دوودا بلاودەکرێتەوە.:"تەرمی کرێکارێك , ماوەی کاتژمێرێك بە تەلی کارەباوە مایەوە". لە درێژەی بەدواچوونی هەواڵدا, بۆت دەردەکەوێت کە قوربانی سەر تەلی کارەبای ئەو گەڕەکە:" لە نهۆمی سێیەمی بینایەکدا کاری دەکرد و لەو کاتەدا کارەبا هاتۆتەوە و جەستەی بەر تەلی کارەباکە کەوتووە و گیانی لەدەستداوە" .

چ بێسەلیقەیی و بێڕۆحبوونی پەنجەی ڕۆژنامەگەریە کاتێك وێنەیەکی وەك وێنەکەی هاوڵاتیت دەستدەکەوێت و نازانیت لە کوێدا چاپی بکەیت؟ دەکرێ دەیەها ساڵ لە جەنگەکاندا بە دوای وێنەیەکدا بگەڕێت و دەستت نەکەوێت. ئەمە مەراقی ئەو فۆتۆگرافانەیە کە هەموو تەمەنییان بە شوێن وێنەیەکەوە سەرفکرد و نەیانگرت. یان بە قسەی(جەماڵ غەمبار): "شتە گەورەکان جارێك ڕوودەدەن, تەنانەت عیشقیش". بەڵام بۆچی ئەم وێنەیە ناچێتە سەر لاپەڕەی یەکەم و نابێتە مانشێت؟

**سەرنجێکی ڕۆژنامەی ناوبراو لە هەمان ڕۆژدا, بۆماندەردەکەوێت کە. " لە سلێمانی, چارەنووسی دوو ملیۆن لیتر سوتەمەنی دیار نییە" ئەو ناونیشانەیە کە سیحری وێنەی لاپەڕەی دووەم دەدزێت. بە کورتییەکەی بۆ هاولاتی و لە شکری ڕۆژنامەوانانی کوردستان, دەنگی فیشەکێکی وەك ئەو ناونیشانەی سەرەوە, زۆر گەورەترە لە بێدەنگی ناو وێنەکەی لاپەڕەی دووەم. زالبوونی ئەم دیدە بۆ کاری رۆژنامەگەری, بە مانای نەبینینی چیرۆکە سادە و بچکۆلەکانی هاولاتییانە و تەنانەت بچووکردنەوەی خەونەکانی ئەوانە لەبەرانبەر گەندەڵییەکانی دەسەڵاتدا. بەڵام ڕەخنەگرتن لە گەندەڵییەکانی دەسەڵات چ جێگایەك دەگرێت کاتێك بوونی کاریگەرییەکانی ئەم گەندەڵییە لەسەر تاك فەرامۆش بکرێت. هەر بۆیەش کارێکی هێند سەرنجڕاکێش نییە کە خودی هەواڵی کارەباگرتنی کرێکارێکی بیناسازی بە هەڵە دادەڕێژرێتەوە. هاولاتی دەنووسێ:" لە نهۆمی سێیەمی بینایەکدا کاری دەکرد و لەو کاتەدا کارەبا هاتۆتەوە و جەستەی بەر تەلی کارەباکە کەوتووە و گیانی لەدەستداوە" . بەڵام ئایا بوونی تەزووی کارەبایە گیان لە کرێکارێکی بیناسازی دەسەنێتەوە یاخود نەبوونی تەزووی کارەبایە؟**

**بەبڕوانی من هۆکاری دووەمییانە. واتا ئەوە نەبوونی کارەبایە کە جەستەی کرێکارێکی بیناسازی دەکاتە "مقەبایەکی" بە تەلی کارەباوە هەڵواسراوی سەر شەقامێك. هۆکارەکەیشی لەوەدایە کە دەردی بێکارەبایی لە ناوشیاری تاکەکانی کۆمەڵگادا دروستی کردووە. کاتێك کارەبا لە زەمەنێکی درێژی کۆمەڵگایەکدا دەبێتە خەونی سەعاتیی ئینسانەکان. ئەو کاتە تەواوی ئەو چالاکییانەی کە مەترسییەکانی کارەبا لای ئینسان دروستیکردووە, وردە وردە بەرە و کاڵبوونەوە دەچن و لەوە دەکەون مەترسی بن. کاتێکی پلاکی ماڵ لە زەمەنێکی درێژدا وەزیفەی "پلاکی کارەبا"یانەی خۆی جێبەجێناکات, ئەوا ئێمەش لە زەینماندا وەزیفەی پلاکی کارەبای پێناسپێرین. کاتێك تەلی کارەبای شەقامەکان , وزەی پێدا تێناپەڕێت, ئیتر مەترسییەکانی ئێمەش لە تەلی کارەبا دەبێتە سفر و ئەو کاردانەوە سروشتییە ئۆتۆماتیزەبووەی ئێمەش لەبەرانبەر کارەبادا, نامێنێت. بە واتایەکی دی, ئەوە کاڵبوونەوەی ناوی کارەبا و مەترسییەکانییەتی لە ناوشیاری ئێمەدا کە بێباکانە لە تەنیشت عەموودێکی هەزاران ڤۆڵتییەوە بێ هیچ پەرچەکردارێك کار دەکەین. کەواتە لە ڕاستیدا ئەوە وزەی کارەبا و هاتنەوەی کارەبا نییە گیان لە کرێکارێکی بیناسازی دەسەنێت, بەڵکە نەبوونی کارەبا و کاریگەرییە سایکۆلۆژییەکانییەتی.**

**ڕۆژنامەی هاوڵاتی بەپەراوێزخستنی ئەم هەواڵە و جێگایەکی ئەوتۆ پێنەدانی, گەورەترین دۆکۆمێنتی دژی گەندەڵی بە بێدەنگی سپارد و خۆیشی لە جوانترین وێنەی ساڵی خۆی بێبەشکرد.**